# هەرێمی کوردستان لە نێوان ڕێککەوتنە مێژووییەکان و سیاسەتی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

توێژینەوەیەکی مێژوویی و شیکارییە

**بڕیار ئەکبەر سان**

مامۆستای زانکۆ

**دەروازە**

هەرێمی کوردستان لەم ١٠ ساڵەی ڕبردوودا بێ هێز لە عێراقدا دەردەکەوێت، ئەم بێ هێزییە چەندە پەیوەندی بە ناکۆکی و ناتەبایی نێومالّی کوردەوە ثهەیە، ئەوەندەش پەیوەندی بە بەرنامە ڕێژی دەوڵەتانی دروسێ و جیهانیەوە هەیە. ئەمەش سروشتی سیاسەتی هەر دەوڵەتێکە بۆ بەرژەوەندی درێژخایەنی خۆی و پارستنی قەوارەکەی. بەڵام ئەوە کوردە خوێندنەوەی دروستی بۆ پێشهاتەکان نەبووە لە ڕابردوو و ئێستاشدا، ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا ڕوودەدات بە تایبەت دوای کەوتنی دەسەلاتی بەشار ئەسەد. کورد لە نێو ململانێی زلهێزەکاندا بەرەو پەراوێز خستن دەبرێت، چونکە لەمپەرە لە بەردەم بەرژەوەندی باڵای وڵاتانی دراوسێ، ڕەنگە جارێکی دیکە (سایکس بیکۆیەک)ی دیکە بۆ کورد دووبارە ببێتەوە؟ پێدەچێت بەهەند وەرنەگرتنی ڕووداوە مێژوویەکان هۆکاری ئەم چەند بار بوونەوەی مێژووبن بۆ کورد، لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەشێک لە سیاسی و توێژەری سیاسی و ئابووری، دەڵێن ئێمە دەبێت هێندە وابەستەی مێژوو نەبین!؟ پێم وایە گەر مێژووی ڕوودا و ڕێکەوتنەکان نەزانین و هۆکار و لایەنەکانیان دەرنەخرێن کورد لە دۆخی چەق بەستووی مافی خۆی دەمێنێتەوە. لێرەدا بە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە مێژوییەکان و شرۆڤەی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری لەسەر کورد، ئەم بابەتە دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران.

**کلیلی وشەکان:** هەرێمی کوردستان، تورکیا، ئێران، سوریا، سایکس بیکۆ، لۆزان، میثاقی مللی.

## دەستەبەندی ڕێککەوتنە مێژووییەکان

لە دوای پەیمانی زەهاو (قەسری شیرین) لە ساڵی ١٦٣٩ کە ناوچەی کوردستانی تێکەڵ بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و فارس کرد، کورد بە شێوەیەکی چالاکانە هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانی داوە. پاش چەند سەدەیەک. ڕێککەوتنی نهێنی سایکس بیکۆ (١٥-١٦ی ئایاری ١٩١٦)[1] لە نێوان بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیا سنووری نوێی بۆ گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکرد، هەرچەندە ئەم سنوورانە، نە لەلایەن ئەمریکاوە نە لەلایەن بەلشەفیکەکانەوە دانیان پێدا نەنرا. بەو ڕێکەوتنە کوردستان دابەش دەبوو بەسەر ناوچەکانی ئیدارەی بەریتانیا و فەرەنسی و ڕووسیا و هەروەها قەڵەمڕەوی فارسیشدا.[2] لەگەڵ پاشەکشەی ڕووسیا و دەستبەسەرداگرتنی هەموو داواکارییەکانی و بەپێی ڕێککەوتنی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩١٧ی نێوان فەرەنسا و بەریتانیا، کوردستان درایە ئینگلیز بەناوی "ناوچەی ئینگلیزی" تایبەت".[3]

لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠، سەدەیەک لەمەوبەر، چارەنووسی سیاسی نەتەوەی کورد لەگەڵ خاکەکەی، کوردستان لە ناوەخنی ئەو گۆڕانکاریانەدا بوون. چۆن؟ دوای ئەوەی زلهێزە هاوپەیمانەکان بەرژەوەندی خۆیان لە مافی چارەنووسی نەتەوەیی دووپاتکردەوە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە. ویلسن چەرچڵ لە چواردە خاڵەکەیدا بۆ ئاشتی جیهانی لە مانگی ١ی ١٩١٨دا نووسیویەتی: "پێویستە بەشە تورکییەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئێستا دڵنیابن لە سەروەرییەکی پارێزراودا، بەڵام نەتەوەکانی دیکە کە ئێستا لە ژێر ئیدارەی تورکیادان، پێویستە دڵنیابن لە ئاسایشی ژیانێکی دڵنیای پێدەر." و دەرفەتیان پێ بدرێت دوور لە چەوسانەوە بۆ گەشەپێدانی سەربەخۆیی". لە ٩ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، بەریتانیا و فەرەنسا بەڵێنی "ڕزگارکردنی تەواو و کۆتایی گەلان" یان دا کە لەمێژە لەلایەن تورکەکانەوە چەوسێنرابوونەوە، لە ڕێگەی "حکومەت و ئیدارە ڕەسەنی ناوچەکانەوە". ئەم ڕێکخستنانە دەبوو کاتێک دابمەزرێن کە گەلان، بە "ئارەزووی خۆیان" لەسەر "بنەماکانی مافی چارەنووس" کار بکەن لەو چوارچێوەیەدا.[4]

---

1- هەرچەندە بە شێوەیەکی باو بە 'ڕێککەوتن' ناودەبرێت، بەڵام دەرئەنجامی چەندین نامەی نهێنی بوو کە لە نێوان وەزیرانی دەرەوەی بەریتانیا و فەرەنسا و ڕووسیادا ئاڵوگۆڕکرابوون. https://blog.nationalarchives.gov.uk/dividing-bears-skin-bear-still-alive-1916-sykes-picot-agreement/

2- Alan Palmer, The Decline and Fall of the Ottoman Empire 239-40.(1994) .

3- Convention between France and England on the subject of activity in southern Russia, in Documents on British Foreign Policy, series I, vol III, at 369-70.

4- Mesopotamia, Memorandum by Sir Erle Richards to Lord Curzon (Jan. 1919), in Anita Burdett, Records of the Kurds: Territory, Revolt and Nationalism, 1831-1979: British Documentary Sources 672 (vol 5. 2015) .

تا ساڵی ١٩٢٠، چارەی خۆنووسین تەنیا لە ناوخۆی دەوڵەتەکاندا بەدی دەهات، کە کەمایەتییەکان مافی ئەوەیان هەبوو لە ڕێگەی مافە زمانەوانی و کلتووری و ئایینییە دەستەبەرکراوەکانەوە ناسنامەی جیاوازیان بپارێزن، لە ٢٣ی شوباتی ١٩٢٠، کۆنفرانسی نێوان ئینگلیز و فەرەنسی، فەرەنسا پێشنیاری "دابەشکردنی کوردستانی لەنێوان هەردوو وڵاتدا خستە ڕوو، وە پێشنیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکی فیدراڵی" کرد.[5] بەهۆی نەبوونی هەڵوێستێکی یەکگرتوو لەناو حکومەتی بەریتانیادا، لۆرد کورزۆن سەرۆکایەتی کۆنفرانسەکەی دەکرد، کشانەوەی بەریتانیای لە کوردستان ڕاگەیاند، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی کوردستان "خۆی دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆم پێکبهێنێت"، لەگەڵ دەرکردنی تورکەکان لە "هەموو ناوچە کوردستانییەکان". کۆنفرانسەکە پێی وابوو کە "بڕیاری کۆتایی لەسەر داهاتووی کوردستان بەندە بە کۆتاییهاتنی کۆنفرانسی ئاشتی (پاریس)". لە پەیماننامەی سیڤەردا سێ مادە پەیوەست بوون بە کوردەوە ئەوانیش مادەکانی ( ٦٢،٦٣،٦٤) بوون، مادەی ٦٢ی پەیماننامەکە (بەشی سێیەم، کوردستان) دەسەڵاتی بە کۆمیسیۆنێک لە نوێنەرانی بەریتانیا، فەرەنسی، ئیتالیا، فارس و کورد داوە بۆ دیاریکردنی هەر گۆڕانکارییەک لە میحوەری عوسمانیدا. هەروەها دەسەڵاتی بە کۆمیسیۆنێکی دیکە دا کە لە شاندێکی بەرپرسانی بەریتانیا و فەرەنسی و ئیتاڵیا پێکهاتبوو بۆ ئەوەی لە ماوەی شەش مانگدا "پلانێکی ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن و کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی فورات و باشووری سنووری باشووری ئەرمینیا " و لە باکوور سنووری تورکیا لەگەڵ سوریا و میسۆپۆتامیا دابڕێژن لە مادەی ٦٣دا، تورکیا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر "قبوڵکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی هەردوو کۆمیسیۆنەکە لە ماوەی سێ مانگدا."[6] بەپێی مادەی ٦٤، لە ماوەی یەک ساڵدا لە کاتی چوونە بواری جێبەجێکردنی پەیماننامەکەوە، کوردەکان ئەگەر بیانویستایا و ئەگەر ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆمەڵانی گەلان وەربگرێت، بە زۆرینەی جەماوەری دەگەیشتن بە سەربەخۆیی لە تورکیا.[7] لەگەڵ دەستبەرداربوونی تورکیا لە "هەموو ماف و ناونیشانێک بەسەر ئەو ناوچانەدا"، کوردەکان "لە ویلایەتی موسڵ" (باشووری کوردستان) دەتوانن "پابەند بن" بە "دەوڵەتی سەربەخۆی کورد".[8] هەروەها پەیماننامەکە داوا دەکات کە تورکیا دەستبەرداری "هەموو مافەکان" بێت لە سەروەری یان دەسەڵاتی دادوەری بە هەر جۆرێک بەسەر ئەو موسڵمانانەدا کە ملکەچی سەروەری یان پارێزگاری هەر دەوڵەتێکی

---

5- Minutes of an Inter-departmental Conference on Middle Eastern affairs, Foreign Office (February, 23 1920), [L/PS/10/807], in Burdett, supra note 1, at 687-92.

6- Article 62,63 in Treaty of Peace with Turkey. Signed at Sévres, August 10, 1920. [With Maps.]' Holding Institution British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/18/B356, 1920 (CE, Gregorian).

7– Article ,64 Op.Cit

8– ibid.

دیکەن."[9] بەڵام سەرەڕای بزووتنەوە گەورە ناسیۆنالیستییەکان، کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (واتە لە ئێران) مافی خۆ کاندید کردنیان بۆ هەژمار نەدەکرا، بەو پێیەی بەریتانیا ڕێزی لە یەکپارچەیی خاکی ئێران گرت بەپێی پەیماننامەی ئینگلیز-فارسی ٩ی ئابی،١٩١٩[10] . هەرچانسی "کوردستانی یەکگرتوو"ی تێکدا و بەو هۆیەوە دەسەڵاتی بەرچاوی بەریتانیای بەسەر سەرچاوەکان زەوی و گومرگ و نەوتی ئێراندا هێشتەوە.

میثاقی میللی تورک لە دوا دانیشتنی مەجلیسی مەبعوسان واتا پەرلەمانی دەوڵەتی عوسمانی کە کەمالییەکان زۆرینەیان پێکدەهێنا لە ڕێکەوتی (٢٨_١/کانوونی دووەم_١٩٢٠) لە شاری ئەستانبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی پەسند کرا لە سەردەمی دەسەڵاتداری سوڵتان موحمەدی شەشەم (١٩١٨_١٩٢٢ز) ی سی و شەشەهەمین سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی، کە بە پێی ئەو میثاقە بەشێکی وڵاتی بولگاریا و گریکستان (یۆنان) و تەواوی کوپروس (قوبرس).هەرێمی باشووری کوردستان بێجگە لە ناوچە کوردنشینەکانی ویلایەتی بەغدادی پێشوو و خۆرئاوای کوردستان و بەشێکی وڵاتی سوریا بە خاکی تورکیای داناوە[11]. هەر لە سۆنگەی ئەو میثاقە بوو کە سوپای تورکیا لە ساڵی (١٩٧٤) هێرشی کردە سەر وڵاتی کوپروس (قوبرس)[12] و بەشێکی داگیر کرد و هەروەها لە ساڵی (١٩٨٤)ەوە تا ئێستا بە بیانووی هەبوونی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لەشکر کێشی دەکات بۆ سەر باشووری کوردستان و هەر دوو بە چوار قۆناغ هێرشی کردە سەر خۆرئاوای کوردستان و وڵاتی سوریا کە توانیویەتی بەشێک لە خۆرئاوای کوردستان و بەشێکی وڵاتی سوریا داگیر بکات لە پاش سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی سوریا لە نێوان ڕژێمی سوریا بە هاوکاری فیدراسیۆنی ڕووسیای فیدڕاڵ و ئێران و گروپە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی سوریا بە هاوکاری تورکیا لە ساڵی (٢٠١٤)ە.

ڕێکەوتنێک لێکەوتەی زۆر لەسەر ئایندە و خەباتی کورد هەبوو بریتی بو لە ڕیککەوتنامەی لۆزان بە هۆی نەبوونی نوێنەر و شاندی کورد کە نوێنەرایەتی کورد بکات لە کۆنفرانسی لۆزاندا، پرسی کورد لە لۆزان پشتگوێ خرا و زلهێزە ناکۆکەکان، بە تایبەت بەریتانیا و فەرەنسا، چارەنووسی گەلی کوردیان پشتگوێ خست، و بەڵێنەکانیان بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان بە پێی ڕێکەوتنی سیڤەر نەبردە سەر, لە کۆنگرەی لۆزان بەریتانییەکان لە بەرامبەر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە وازیان لە کورد

---

9- Article 139, Op.Cit .

10- Wagner ,H. L., The Division of the Middle East: The Treaty of Sèvres 18 (2004). pp, 54-61.

11- Alp, İlker, “MisakıMillî”, MisakıMillî ve Türk Dış Politikasında Musul, Kerkük ve Erbil Meselesi Sempozyumu, Ankara 2012, s. 169-247.

12- https://www.theguardian.com/world/article/2024/jul/17/archive-1974-turkey-invades-cyprus

هێنا. بەم شێوەیە کورد لە نێوان چوار قەوارەدا دابەش بوو. پەیماننامەی لۆزان دابەشکرا بەسەر پێشەکییەکی گشتی سەبارەت بە ئامانجەکەی و نوێنەرانی لایەنە واژۆکارەکان، پاشان پێنج بەشی بنەڕەتی کە لە ١٤٣ مادە پێکهاتبوو، بەسەر ١٦ بەشدا دابەشکرا, دەقی ڕەسەنی پەیماننامەکە بە زمانی فەرەنسییە.

مادەکانی ٣٧ تا ٤٥ لە ڕێککەوتنی لۆزان گرنگترینیان بوون, چونکە باسیان لە مافی کەمینەکان دەکرد لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا, کۆنگرەی لۆزان کە پەیمانی لۆزانی لێ کەوتەوە زەبرێکی کاریگەری لە بابەتی کورد و کێشە ڕەواکەیدا, چونکە لە پەیمانی لۆزاندا باسی کورد و کوردستان نەکراوە تەنانەت باسی پەیمانی سیڤەریش نەکراوە کورد وەک نەتەوە یان تەنانەت وەک کەمینەیەکی بچووک لە تورکیا دانپێدانراو نییە[13] . تەنها مافی کورد بەبێ ناوهێنان لە چوارچێوەی مافی کەمە نەتەوەکانی تر باسکراوە و بە بەپێی ماددەی ٣٨ی پەیماننامەکە, حکومەتی تورکیا بەڵێن دەدات بەرگری لە ماف و خاوەندارێتی و ئازادیی هاولاتیانی تورکیا بکات بەبێ ڕەچاوکردنی زمان و ڕەگەز و ئایین, هەروەها بەپێی ماددەی ٣٩ دەبێت ئاسانکارییەکی گونجاو بۆ ئەو هاوولاتییە تورکانەی کە بە زمانەکانی تر جگە لە تورکی قسە دەکەن بکرێت[14] , هەرچەندە دواتر حکومەتەکەی کەمال ئەتاتورک هیچ یەکێک لەخاڵەکانی پەیوەست بە مافی نەتەوەکانی تری جێبەجێنەکرد.

لەم باسەدا دەرکەوت ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدا، پشت ئەوستورە بە ڕێککەوتنی مێژوویی زلهێزەکان.

**ڕووداوەکانی سوریا**

ئەوەی لە چەند مانگی ڕابردوودا لە سوریا ڕوویدا، ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی و هەرێمی بە سیمایەوە دیار بوو، چ وەک لێدوانی وەزیرەکانی دەرەوەی ولاتانی پاڵپشتی ئەسەد و چ وەک دەوڵەتە دراوسێکان و زلهێزەکان، چونکە گروپی ئازادی شام نە لەو هێزەدا بوون، وەک ئامادەیی هەڵگرتنی قورسایی قۆناغی داهاتووی سوریای دوای ئەسەد و نە وەک هێزێکی فیزیکی ئەو توانا لۆجستیکیەیان هەبوو تا بتوانن لە ماوەیەکی کەمدا دوو گەورە شاری سوریا و پایتەختەکەی بگرن. بەڵکو ڕێکەوتنی نێودەولەتی لەسەر خاکی سوریا کراوە، ڕاستی بڵێین هێزەکانی سوریای دیموکرات هەسەدە، زۆر لە پێشتر بوون بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە بگێڕن، بەهۆی ئەو ئەزموونەی هەیانە لە ڕۆژهەلاتی ڕووباری فورات و سوریا، بەلام لەبەر ڕێک نەکەوتنی هەندێک دەوڵەتانی بەرژەوەند خواز لەسەر ئەوەی هەسەدە ئەو ڕۆڵە ببینێ، کاریگەری دەسەلاتی عروبە و تورکیا لەسەر ڕووداوەکانی سوریا دیارە، دانانی کەسێکی عەرەبی وەک جۆلانی و کارکردن بۆ ئەستۆپاکی و دەرهێنانی لە تیرۆری جیهانی ئەوەمان بۆ دەردەخات سوریای ئایندە پڕ

13- Treaty of Peace with Turkey signed at Lausanne, Lausanne, Switzerland, 24 July 1923, PP. 28-34.

14– ibid, p 29.

ئاشوب و گێژاو دەبێت. کورد لە سوریا هێزێکی خۆرسکی خۆ بەڕێوبەری سەرکەوتوە ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندی تورکیا نیە، لەبەر ئەو بەرنامەی دەیەوێت جێبەجێ بکات و لەسەر خاکی سوریا لەسەری ڕیکەوتوە، هەروەها بەرنامەی میثاقی میللی کە ستراتیژی تورکیایە هەسەدە لەمپەرێکە لەبەردەم تورکیا، بۆیە کاری زۆر دەکات ئەو هێزە کوردیە خۆرسکە نەهێڵێت، جا ئەم پێشهاتانەی سوریا چەند سیناریۆیەک لەخۆ دەگرێت و خوێندنەوەی وردی دبلۆماسیەت و سیاسی دەوێت، بە ئاگایی لە مێژووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەرنامەی دوور مەودایی ئێران و تورکیا ئاینەدەیەکی ناڕوون ڕوو لە کورد دەکات سیناریۆکانی ( سایکس بیکۆ، سیڤەر ، لۆزان) بە دور نازانرێت.

**شرۆڤەی تورکیا و ئامانجەکەی**

تورکیا لە وەرزی بەهاری ٢٠٢٤- ٢٠٢٣ چەندین جار ئۆپەراسیۆنی نوێ لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات، کە لە ساڵی ٢٠١٨ەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە ناوچەیەکی زیاتری ئەم هەرێمە لە لایەن تورکیاوە بگرێت. ڕەنگە پاساوی ئەنقەرە بۆ ئەم ئۆپەراسیۆنە ڕەوا بێت چونکە بوونی پەکەکە لە ناوچەی کوردستان بەڕاستی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەرجەستە بووە بەڵام تورکیا هەوڵی داوە ئامانجی گرنگتر لە ڕووبە ڕووبوونەوەی پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستاندا بەدیبهێنێت. بۆ نموونە پەکەکە توانای هێرشکردنی لە ناوخۆی تورکیادا لەدەست نەداوە، بەڵکو چالاکییەکانی لە بەرگریکردن لە خۆی سنووردار کردووە. بەڵام داگیرکردنی خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق(کوردستانی باشوور) لەلایەن تورکیاوە ڕێگە بەو وڵاتە دەدات حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بکاتە ئامانج و بەدواداچوون بۆ خواستی سەربەخۆیی یان تەنانەت بیری دووبارەکردنەوەی ڕیفراندۆمێکی دیکەی سەربەخۆیی بکات. ئەم پێداگریە بەردەوامەی تورکیا و بە کارهێنانی میثاقی میللی، هەردەم دەیهێننەوە بەر باس، بۆ ئەو سەرچاوە سروشتیە بێشومارەی ویلایەتی موسڵ دەگەڕێتەوە وە بەتایبەت گازی سروشتی و نەوتە، لەم ساڵانەی دوایدا تورکیا گرنگی و پێویستی وەچنگ کەوتنی ئەم خاکەی بۆ دەرکەوتوە. جا ئەمەش باهانەیەکی دەوێت تا بیکاتە هۆکاری بونی لەسەر خاکی کوردستانی عێراق. هەبوونی پەکەکە لە خاکی هەرێمی کوردستان باشترین بەهانەیە، تەنانەت پشتگیریەکی نێودەڵتی دەکرێت، بۆیە هەندێکجار گومان لای سیاسی کورد و عێراقیش دروست دەبێ، ئایا پەکەکە لەوەتەی هاتۆتە چیاکانی هەرێمی کوردستان توانیوێتی چ مافێکی کورد لە تورکیا بەدەست بهێنێت یاخود وەک هێزێکی چەکداری چ مەترسیەکی دروستکردوە بۆ ناوخۆی وڵاتی تورکیا؟ ئەوروپا بەتایبەت وڵاتانی ئەسکەندەنافی پشتیگری ئەم هەوڵەی تورکیا دەکەن بۆ ئەوەی تورکیا جێ پێی خۆی پتەوتر بکات لە باکوری عێراق گازی سروشتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنقەرە سەرنجراکێشە و دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە دابین بکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک

کۆماری تورکیا لەم دواییانەدا بەڵێنی داوە لە ڕێگەی ڕێککەوتنێک لەگەڵ عێراق، دەستڕاگەیشتن بە غازی سروشتی تورکیا زیاد بکات، غاز بۆ تورکیا زۆر گرنگە و پاڵپشتی نێودەوڵەتی هەیە. لە کاتێکدا ئەوروپا لە هەوڵدایە بۆ دۆزینەوەی دابینکەری بەدیل لە دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەو بۆرییە دەتوانێت جێگەی بڕێکی گونجاو لە گازی سروشتی ڕووسیا بگرێتەوە کە بۆ ئەوروپا دابین دەکرێت، بەتایبەتی کە چاوەڕوانییەکان بۆ زیادبوونی بەرهەمهێنان لە جەزائیر و لیبیا نەماوە. لەگەڵ هەڵبژاردنەوەی ترامپ وەک سەرۆکی نوێی ئەمریکا ئەو پەیامانەی دەیدات لەسەر کڕینی وەزەی ئەمریکی گرنگی و بایەخی گازی سروشتی عێراق بۆ ئەوروپا زیاتر بووە.

بەڕێوەبردنی پرسی کورد لە ناوەوە لە ڕێگەی کارکردنی لەگەڵ کوردستانی عێراق، پێشتر ئەنقەرە پێی وابوو کە کۆنترۆڵکردنی کورد بە کەناڵی تاران-ئەنقەرە-بەغدا دەڕوات، بەڵام ئێستا قەناعەت بەو پرسە ئاماژەی پێکراوە دەتوانرێت لە ڕێگەی (ئەنقەرە-هەولێر-واشنتۆن)ەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت. لە ساڵانی ڕابردوودا کوردستانی عێراق سەرچاوەی چەکدارانی پەکەکە و قووڵایی ستراتیژی ئەم گرووپە بووە لە چاوی تورکیا، بەڵام ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەشێک لە چارەسەری گەورەترین کێشەی ئەمنی تورکیا دادەنرێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە هۆشداری دەداتە گروپە دابڕاوەکانی کورد کە چەک بەکارنەهێنن و قسە بکەن، تا ئەوڕادەیەی دژایەتی پ.ک.ک بکات، بەو بەهانەیەی بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم هەرێمی کوردستان.

ڕێگریکردن لە نفوزی ئێران، هۆکارێکی دیکەیە لە زیندو هێشتنەوەی میثاقی مللی، بە بواری گۆڕانکاری لە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانی عێراق، پرسی ئێرانە. وڵاتی ڕکابەر و زلهێزی ناوچەیی لە سوریا و عێراق ڕکابەرییەکی توندیان هەیە. دوای سەرکوتکردنی سەدام، ئێران کاریگەرییەکی بەرچاوی لە حکومەتی ناوەندیدا هەیە. لە لایەکی ترەوە تورکیا پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بەشێکی کورد و سوننەی ناڕازی عێراقی دامەزراندووە و هەوڵی لاوازکردنی نفوزی ئێران دەدات. لە ژینگەیەکی وادا هەرێمێکی کوردستانی ئارام و سەقامگیر لە بەرژەوەندی تورکیا، دوور لە ئێران و دژایەتی حکومەتی ناوەندی بەغدا، دەچێتە ناو هاوپەیمانییەکی سروشتی لەگەڵ تورکیا. ئەم هۆکارانەو چەندین بەرژەوەندی پلە دوو و پلە سێی تورکیا وادەکات هەژموونی خۆی بسەلمێنێت بە هێزێکی فیزیکی، تا ڕێگە خۆشکەر بێت لەبەرامبەر جێبەجێکردنی میثاقی مللی، ئەم شێوازەی تورکیا جیاوازترە لە سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان. لە ئێستادا حکومەتی کاتی سوریا پێکهێنراوە، هەژموونی تورکیا دەخوێنرێتەوە ئەمەش وەک ئامرازی کاریگەری جێ بەجێکردنی میثاقی میللی دەبینرێت. تورکیا کاری لەسەر دەکات و پشتی پێ دەبەستێت.

## شرۆڤەی ئێران و ئامانجەکەی

ئێران جیاوازتر سیاسەتی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو، ئێران بە درێژایی سیاسەتی بەرامبەر کورد هەر لەسەردەمی قاجار تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ، قوڵی سیاسەتەکەی جێگیرە بەڵام ئامراز و شێوازی بە پێی هەلومەرج و سەردەم دەگۆڕێت. ئێران هەردەم کوردی وەک ئامۆزایەکی خۆی پیشاندەدات! بەڵام ئەم دوو ئامۆزایە لە فەرهەنگی سیاسی ئێراندا لەسەر دەسەڵاتی باڵا کێشە و ململانێیانە بۆیە هەرگیز نەیویستوە کورد ڕۆڵی دیاری لە دەوڵەتداری و سیاسەتی ئێراندا هەبێت«*ئەمەش ڕیشەیەکی مێژووی کۆنی هەیە*». بەڵام دەستبەرداری کورد نەبوون چ لە ناوخۆی سنوری دەسەڵاتی ئێران وە بەرامبەر کوردانی عێراق و تورکیادا. لەبەر نزیکی و زمان و کلتوور و شارستانێتی هەردوو نەتەوە، بە شێوازی جیا ڕایاندەکێشت بەلای خۆیدا، گەر تێبینی بکەین لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، هەندێک لە توێژەرانی سیاسی و مێژووی و شوێنەواری ئێرانی ئاماژە بە هاوبەشی پارس و ماد (کورد و فارس) دەکەن چ لە سەردەمی دەسەڵاتی (میدی و هاخامنیشیدا دواتر بۆسەردەمی ئەشکانی و ساسانی) زۆر جیاوازتر ساڵانی ڕابردوو تەنها گرنگیدان بوو بە توخمی پارسی کۆن. گەشتونەتە ئەو باوەڕەی ناتوانرێت ئەم شێوازە لە پەراوێزخستنی کوردان ئەنجامی هەبێت. بۆیە کار لەسەر نزیکی خوێنی و نەژادی کورد و فارس دەکەن، ئەویش بەو شێوازەی لە بەرژەوەندی خۆیانە، نەک بە شێوازی سروشتی خۆیی، ئەم هەوڵانەش دەتوانین بڵێین بە شێوازێکی مامناوەند کاری خۆی کردوە، بە شێوەیەکی باشیش کاری لەسەر ڕەوتی سیاسی هەرێمی کوردستان کردوە، بە ڕاستەوخۆیی و ناڕاستەوخۆ. چونکە بمانەوێت یان نا کورد نەتەوەیەکی سۆز(عاطفی)یە ئەمەش هۆکارێکە ئێران پشتی پێ دەبەستێت خوێندنەوەی باشی لەبارەوە کردوە« چونکە *ڕیشەی بنەماڵە و عەشیرەت گەرایی زۆر بڵاو و بارزە لە ناو کورد دا، ئێستاش زۆرینەی پارتە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان چ ڕاست بێت یا چەپ کاریگەی ئەم نەریتە لەسەریان دیارە وەک پارتێکی هۆزی دەردەکەون نەک نەتەوەیی، وادەکات دەروێشانە خۆشەویستیان بۆ ئەو پارتە هەبێت* » ئەم بنچینەیە باشترین بژاردەیە بۆ سیاسەتی ئێران. و زۆرجار لە ناو ووتار و پەیامەکانی سەرۆک کۆمارەکانی ئێران ئەوەیان نەشاردۆتەوە وەک چۆن بەرگری لە سنە و کرماشان دەکەن بە هەمان شێوە بەرگری لە سلێمانی و هەولێر دەکەن. وەک خاکێکی خۆیان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. جارێکیان لە پرۆفیسۆرێکی مێژووی زانکۆی تارانم بیست وتی:" لەسەردەمی قاجاردا لە ڕێکەوتنی نێوان قاجار و عوسمانیدا، ئێران دەستبەرداری ناوچە کوردیەکان بوو لەبەرامبەر خاکی ئازەربایجان، ئەمەشە بە مەبەست بوو، چونکە قورس بوو لە دانوستاندا داوای دوو ناوچەی گرنگ نێوان هەردوولا بکرێت، قاجاریەکان ئازەربایجانیان هەڵبژارد و وازیان لە میرنشینەکانی بابان و سۆران هێنا، چونکە دەرفەتێکە بۆ چنگ کەوتنی ئازەربایجان، وە گەر ناوچەی کوردیەکان بچنە ژێر ڕکێفی عوسمانیەکان لەبەر جیاوازی خوێنی و زمان و کلتوور، هەمیشە دەبنە کێشە و ئاستەنگ لە بەردەم

ئیمپراتۆری عوسمانی، و زیاتر کوردەکان وابەستەییان بۆ ئێران هەیە، دەتوانرێت بکرێنە لاینگری سیاستەی ئێرانی". زۆر ورد و ژیرانە هەنگاوەکان دەنێن دەتوانین بڵێن بە درێژایی ۳۰۰ ساڵ ئێران ئەم سیاستە پەیڕەو دەکات بەرامبەر کورد.

دین دەستاوێردێکی دیکەیە کە ئێران زۆر باش کاری لەسەر کردوە و زۆر دەمێکە بەرهەمی ئەم دەستگرتن بە مەزهەبی شیعەی کۆکردۆتەوە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەوەی ئێرانی لە ناوچەکەدا هێشتۆتەوە دەستگرتنە بە مەزهەبی شیعەوە بۆتە پێشڕەوی پەیڕەوانی ئەم مەزهەبە لە جیهاندا. دەتوانین بڵێین بە هۆکاری دینی دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئێران دەستی کردەوە بە پەلهاویشتن و ڕیشە داکوتان لە وڵاتانی ناوچەکە، زۆر زوتر و جیاوازتر لە تورکیا، بیری ئیمپریالیزمی ئاینی لای ئێرانیەکان بوو بە بیر و بەرنامە، پێدەچێت تورکیا زۆر درەنگتر کەوتبێتە خۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک پێشڕەوی مەزهبەی سونی خۆی بنوێنێ، ئەوەی بۆ ئێران هاتۆتە پێش، بەڵکو بەرهەمی زیاتر لە ۸۰ ساڵە ئەمە بەرنام ڕێژییە نەک دەرفەت، جا هاوکاری سیاسەتی وڵاتانی ناوچەیی لایەنێکی قوڵی دیبلۆماسیە.

ئێران بەم دوو هێزە (هێزێکی نەژادی و هێزێکی ئاینی) ئەمانەش بریتین لە هێزی نەرم، دەیەوێت هەرێمی کوردستان ڕوو لە خۆی بکات ( چونکە هەردوو لایەنەکە لە کورد دا باش سۆزیان دەجولێنن)، هاوشێوەی ئەوەی لە یەمەن و سوریا و لوبنان کردویەتی، جیاوازیەکی زۆر لە نێوان شێوازی پاوان خوازی ئێران و تورکیا دا دەبینرێت. ئێران بە پشوو درێژی کاری لەسەر دەکات بەڵام تورکیا بە هێز و وەک مافێکی خوراوی وڵاتی تورکیا سەیری هەرێمی کوردستان دەکات.

لەبەر ئەو گۆڕانە خێرایانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو دەدەن، ئێران چەند خوێندنەوەیەکی لا گەڵاڵە بوە لە مەرامی دەسەڵاتدارنی ڕۆژئاوا لەبارەی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێران پێی وایە ئیسرائیل چەند ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە. و ببێتە پێگەیەکی بەهێزی ئەمریکا. ئەمەش خوێندنەوەی وردی دەوێت هەمیشە پشت پەردەکان هەڵسوڕێنەری ڕەوتی سیاسەتن. ئێران لە ڕێی دەوڵەتی عێراق و دادگای فیدڕاڵی ئەم شەڕە بە کورد دەگێڕێ، هەر نزیکبونەوەیەک لە ئەمریکا و ئیسرائیل، گوشاری سیاسی و ئابوریتان دەخرێتە سەر.

## هەرێمی کوردستان لەم بەرداشەدا

لەم نێوەندەدا هەرێمی کوردستان لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا هێز و پێگەی بەرەو لاوازی ڕۆشتوە، ئەمەش بە هۆی نەبونی ڕێچکەی نەتەوایەتی هاوبەش، نەبوونی کارەکتەری سیاسی بەهێز و دیبلۆماسکاری بەتوانا. ئەو هۆکارانە بارز و دیارن لەگەڵ هەبوونی چەندین هۆکاری دیکە، بوونەتە لاوازی هەرێمی کوردستان چ لە ڕووی سەقامگیری ناوخۆیی، وە چ لە ڕووی پەیوەندیەکانی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق و دەوڵەتانی دراوسێ، زیاتر پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە چوارچێوەی پەیوەندی حزبین نەک دامەزراوەی حکومی هەشبێت لە ئاستێکی کەم دایە، هەمیشە پەرتەوازەیی نێوماڵی کورد، گەورەترین مەترسی بووە بۆ ئایندەی کیانی کوردی. بۆیە هەمیشە کورد غەفڵەت و بێ ئاگایە لە پلان و سیاسەتی نەیارانی، یاخود بە هەند وەریان ناگرێ. ئەوەی لە سوریا ڕویدا چارەنووسی هەردوو بەشەکەی کوردستان ڕۆژئاوا و باشوور بەیەکەوە گرێداوە تاڕادەیەک، تورکیا بەشێوەیەک ویلایەتی موسڵ و باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریای بۆ والاکراوە، لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا بۆی نەڕەخساوە. هەموو هەوڵێکی تورکیا بۆ پەخستنی هەر دوو ئەزموونە جا بە ڕاستەوخۆ بۆی بکرێت یا نا ڕاستەوخۆ! لە ئایندەیەکی نزیکدا بە دوور نابینرێت لە سەر ویلایەتی موسڵ کە پشکی شێری کوردستانی باشورە ئێران و تورکیا ڕووبەڕووی یەک ببنەوە، گەر لە کۆتا پەلەقاژەی خۆشیدا بێت بەو سیاسەتەی ئەمریکا دژی ئێران پالانی بۆ داناوە، پەرچە کرداری سەربازی خۆی نیشان دەدات ئێران. وە لەم ڕێیەوە ڕێچکەیی سیاسی حوکمڕانی تورکیا دەبێت هاوشێوەی میسر و ئەردەن لە خزمەتی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا بێت. نزیکە لەوەی حزبێکی علمانی حکومڕانی تورکیای ئاینده بکات، ببێتە بەر بەستێک بۆ تەوژمی ئیسلامی و کلتوری ئیسلامی، و ئەم سنورە لە باکوری عێراقەوە دەدانرێت، بە گشتی تەنگەژە سیاسی و نەتەوایەتیەکان و ئاینیەکان زۆر بەرەو ئالۆزی دەڕۆن لە سالانی داهاتووی هەرێمی کوردستان، حزبی سیاسی کوردی ئایا خوێندنەوەکانیان بۆ ئەم قۆناغە و داهاتوو چیە؟؟ هەر دوو دەوڵەت هەوڵی لاوازکردنی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان دەدەن، لە ڕووداوەکانی دوای ڕیفراندۆمدا بینیمان چەندان کۆبنەوەی سێ قۆڵی (ئێران-عێراق-تورکیا) کرا. دژی هەرێمی کوردستان هیچ دەرفەتێک لەدەست نادەن، تورکیا تەواو ئامادە سازی دەکات بۆ تێکچونی ناوخۆی عێراق لە نێوان شیعە و سونە، کورد و عەرەب. وە کاریشی لەسەر کردون لە کۆتا هەڵبژاردنی عێراق و پێکهێنانی کابینەی حکومەت بەڕوونی دەست وەردانی تورکیا دیار بوو، پاشان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەمان ڕۆڵی گێڕا. بۆیە هەموو ئامادەکاریەک دەکات بۆ عێراقی دوای هەڵوەشاوە. ویلایەتی موسڵ و ڕۆژهەلاتی فورات (کوردستانی ڕۆژئاوا)ی چنگ بکەوێت.

پێویستە لایەنە کوردیەکان لەم پێشهاتانە ئاگاداربن، خوێندنەوەی وردتر پێویستە. و کەسایەتی سیاسی کوردی پێویستە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی خۆیان بەکار بێنن لەگەڵ دەسەڵاتی بەهێزی جیهانی جارێکی دیکە کورد پەراوێز نەخرێت.

**دەرئەنجام**

بۆ گەشتن بە وەڵامی ناونیشان دەبێت باسی ئەو ڕووداوە مێژوییانە بکەین کە پەیوەستبوون بە کوردستانەوە، هەندێک لایەنی مێژووی بخەینە ڕوو کە ڕەنگدانەوەی هەیە لە ئێستادا و بنچینەی گۆڕنکاری داهاتووش دەبن. بە داخەوە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بەشێک لە سیاسی و توێژەری سیاسی و ئابووری، دەڵێن ئێمە دەبێت هێندە وابەستەی مێژوو نەبین، ئەو گرنگیە زۆرە بە ڕووداوی مێژووی نەدەین دەبێت کار لەسەر ئێستا بکەین. بەڵام بەڕای من؛ لە گۆڕانکاریەکانی ناوچەیی و جیهانی بەدرێژایی سەردەمەکان پشت ئەستور بوون بە ڕووداوە مێژوویەکان، بۆ هەر ڕێکەوتنێکی نوێ دەگەڕانەوە سەر ڕێکەوتنی مێژووی یا هەژموونە مێژوویەکان. بۆیە کورد بە درێژایی سەدان ساڵ لە دۆخێکی چەق بەستوو یا جوڵەیەکی کەمی کردبێت دواتر ئەو جوڵەیەشی پەکخراوە، ئەمەش بۆ بەگرنگ نەگرتنی مێژووە، بۆیە هەردەم مێژوو بەسەر کورد دا دووبارە دەبێتەوە. لێرەدا بە زنجیرەی ڕێککەوتنەکانمان باسکرد، یەک نەبوونی کورد خۆی گەورەترین کێشەی کوردە.

ئەوەی لە سوریا دا ڕوویدا، دەبوو زۆر زووتر و لە ساڵانی ٢٠١١-٢٠١٤ ڕوویبدایا، بەڵام لەبەر نەبوونی کۆ دەنگی نێودەوڵەتی و جەمسەری سیاسی جیهانی، قبوڵکراو نەبوو ڕێگەیان پێنەدا و تا لە ساڵی ٢٠٢٤ ڕێکەوتن کرا سوریا لەنێوان خۆیاندا بەش بکەن. ڕوونتر دەستەواژەی بەرژەوەندی تاسەرە دەرکەوت. گۆڕانی دۆخی سوریا لە چاوەڕوانیدا نەبوو، تا بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهان و هەرێمایەتی لە گرێیەکدا یەکیان گرتەوە، بەرەی ڕۆژئاوا وەک سەرکەوتوی جەنگ و ململانێ پشکی شێری بەرکەوت و ڕوسیا و ئێران بەرژەوەندیان بچوکرایەوە و ناچارکران بەو بەرنامەیەی هەیە، تورکیا سودمەندە وەک بەرەی ڕۆژئاوا هەرچەندە ناکۆکی هەیە لەگەڵ ئیسرایل.

تورکیا و ئێران دوو زلهێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن بە درێژای زیاتر لە ٨٠٠ ساڵ وە بەشێکی گرنگی خاکی کوردستان کەوتۆتە بن دەستی ئەم دوو دەسەڵاتە « جا بە کۆی ڕەوتی دەسەڵاتیان و گۆڕانی سنوری دەسەڵاتیان». باسی ئێمە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە بوو، لە دوو توێی چەندین ڕێکەوتن دا، کورد بەش خوراو و خاک داگیرکراو مایەوە. بۆیە هەر دوو دەوڵەت لە ئێستا بۆ هەر هەنگاوێک دەینێن لە ناوچەکەدا دەگەڕێنەوە سەر دەقێکی ڕیکەوتنی مێژووی، یا هەژموونی مێژوویان. دەوڵەتێکیان مەزهەب و ئاین بەکاردێنێ بۆ پاوان خوازیەکانی، دەوڵەتی بەرامبەر دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتن و هەژموونی ڕابردوو. لەم سەر و بەندەدا هەرێمی کوردستان و کوردستانی ڕۆژئاوا دەکەوێتە نێو پلان

و بەرنامەڕێژی هەردوو دەوڵەت. کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژئاوا بەیەکەوە گرێدراون لە چوارچێوەی بەرژەوەندی هەر دەوڵەتێکدابێت.

**لیستی سەرچاوەکان:**


1-https://blog.nationalarchives.gov.uk/dividing-bears-skin-bear-still-alive-1916-sykes-picot-agreement ./

2- Alan Palmer, The Decline and Fall of the Ottoman Empire 239-40.(1994) .

3- Convention between France and England on the subject of activity in southern Russia, in Documents on British Foreign Policy, series I, vol III, at 369-70.

4- Mesopotamia, Memorandum by Sir Erle Richards to Lord Curzon (Jan. 1919), in Anita Burdett, Records of the Kurds: Territory, Revolt and Nationalism, 1831-1979: British Documentary Sources 672 (vol 5. 2015) .

5- Minutes of an Inter-departmental Conference on Middle Eastern affairs, Foreign Office (February, 23 1920), [L/PS/10/807], in Burdett, supra note 1, at 687-92.

6- Article 62,63 in Treaty of Peace with Turkey. Signed at Sévres, August 10, 1920. [With Maps.]' Holding Institution British Library: India Office Records and Private Papers, IOR/L/PS/18/B356, 1920 (CE, Gregorian).

7- Wagner ,H. L., The Division of the Middle East: The Treaty of Sèvres 18 (2004). pp, 54-61.

8- Alp, İlker, "MisakıMillî", MisakıMillî ve Türk Dış Politikasında Musul, Kerkük ve Erbil Meselesi Sempozyumu, Ankara 2012, s. 169-247.

9 - https://www.theguardian.com/world/article/2024/jul/17/archive-1974-turkey-invades-cyprus

10- Treaty of Peace with Turkey signed at Lausanne, Lausanne, Switzerland, 24 July 1923, PP. 28-34.